# کەرکوک قودس نییە و برۆکسەلیش لەولاترە

**هێمن عەبدوڵڵا**

دوو رۆژ دوای وەفاتی ( عەرەفات ) ، دەگەڵ شڵۆمۆی پیر کەوتینە باسی چارەنووسی ئاشتی ، ئەو کە دکتۆرێکی ئیسرائیلیی بە ئەسڵ ئێراقییە ، پێی وابوو بە مردنی عەرەفات کێشەی فەلەستینییان چارەسەرنابێت ، چونکە بە قەولی وی : هێشتا ئەقلێک هەیە کە( ئۆرشەلیم- قودس) تەنها بە هی خۆیدەزانێت.
شلۆمۆ سەربردەی چیرۆکەکانی ناوتەوراتم بۆ دەگێرێتەوە و بە تەوسەوە دەڵێت : خواناسەکانمان چاوەروانی لەهەواڕا بەربوونەوەی ماڵیخوان بەسەر مزگەوتی قوبەتولسەخرەدا ! ، پێی دەڵێم : ئەوانەم خوێندوونەوە ، بەڵام باوەڕناکەم لەو چەرخی ئێستادا خەڵک هەبن بڕوا بەو خورافاتانە بکەن ، بەڵام ئەو بە بێتاقەتییەوە سەررادەوەشێنێت و دەڵێت : با .. هێندەش زۆرن کە دەتوانن هەموو بڕیارێکی ئیسرائیلی کۆنترۆڵ بکەن .

*　　　*　　　*

سالێک نابێت شلۆمۆ لە ئۆرشەلیمەوە هاتۆتە هۆڵەند ، بۆیەش چاکی ئاگا لە ورد و درشتی شارەکەیە ، ئەو باسدەکات کە لە قودسدا هەمووان خۆیان بە هەقدەزانن ، موسوڵمان دەبێژن : قیبلەی پێشوو لێرە بووە ، مزگەوتی ئیمامی عومەر لێرەیە ،کەواتە وازهێنانمان لێرە بقەیە .
جولەکەش یەژن : ساڵەهایە ماڵی خواوەند وێرانکراوە ، عومەر یش هاتووەولەسەر ئاسەواری ئەو ماڵە مزگەوتی سازداوە ، چاوەڕێین لە ئاسمانەوە جارێکیدی ماڵی خوا دابەزێتەوە و ئۆرشەلیم ببێتەوە بە مەکۆی جووی دنیایێ !.
کریستیانیش بەهەمان شێوە حیسابێکی پیرۆز بۆ کەڤنە پەرستگاکانی وێدەکەن و دەستی لێبەرنادەن .
دەڵێم : جا شڵۆمۆ .. کامیان لەسەرهەقن ؟ ، دەڵێت : هەموویان ، چونکە ئەوەی دەیڵێن کەلامی خواکانیانە و گفتوگۆش هەڵناگرێت . دەپرسم : ئەدی چارە چییە؟ ، تۆزێک دادەمێنێت و دەڵێت : یا شارەکە بۆمبێکی ئەتۆمیی لێبدرێت ، یان خەڵکی ناوی فێربکرێن کە رێزی یەکدیبگرن و هاوبەشبن لە بەڕێوەبردنیدا !.

*　　　*　　　*

پاش ئەو گفتوگۆیە دەگەڵ شڵۆمۆ ،تا و لەرزی بە قودسبوونی کەرکوک دامدەگرێت ، ئاخر لە هەرێمە دوو قوتبییەکەی ئێمەشدا ، رێبەرێکی گەورە ، بیرۆکەی ( کەرکوک قودسی کوردستانە ) ی خستۆتەروو ، ئەو رێبەرەمان کە هەواداری یەکجارزۆریشی هەن ، رۆژێک لە رۆژان لە خۆی نەپرسیوە کە خاڵی لە یەکچوون دەنێوان کەرکوک و قودس دا چییە؟ ، هەمووان دەزانین کە ئەوەی ئەورۆ لە کەرکوکدا روودەدات ، کێشەی پیرۆزیی شارێک نییە کە هیچ لا نەتوانن دەستی لێهەڵگرن ، مەسەلەکە هیچ پەیوەندیشی بە باوەڕدارێتیی ئایینیی خەڵکەکەی ناویەوە نییە ،

بەڵكو كێشەكە تێنەگەیشتن لە واقیعێكی زۆر سادەیە ، ئەویش ئەوەیە كە : كەركوك سیمای دیمۆگرافیی گۆڕدراوە و ئەوانەی گۆڕیویشیانە نایانەوێت چاكیكەنەوە..

* * *

ئەو رێبەرەمان خاوەنی بیرۆكەی بە- برۆكسەل - كردنی كەركوكیشە ، دەمەوێت هەڵوەستە دەبەرامبەر ئەو بیرۆكەیەشیدا بكەم ، برۆكسەل هەرێمێكە دەنێوان هەردوو هەرێمی هۆڵەندیزمان و فەرەنسیزمانی بەلجیكادا ، بۆخۆم دووجار دیومە و فرۆشیاری ماركێتێكیش كە بە هۆڵەندی دواندم ، پێیگوتم :( پەغلێ فغۆنسێ – فەرانسی قساندەكەی؟ ).
دەزانم ئەوێ كە پایتەختە ، زۆرینەیەكی هۆڵەندیزمان و رێژەیەكی زۆر فەرانسیزمانی تێدا دەژین ، دەشزانم كە لەوێ پێكهاتنێكی وا هەیە كە دەبێ هەر دەورەیەكی بەرێوەبردنی هەرێمەكە بدرێتە یەكێك لە نەتەوەكانی ناوی ، ئەوەش دەزانم كە لە بەغدایێش نزیكەی ملیۆنێك كورد دەژین ، بۆیەش تەنها دەپرسم : باشە پێتان وانییە برۆكسەلەكەی عێراق كەمێك لە كەركوك واوەترە ؟!.

* * *

هەرچەندە وەك كوردێك ، رەخنە لەخستنە رووی هەردوو بیرۆكەكە ، لە لایەن ئەو رێبەرە ئەزموندیدەیەمانەوە دەگرم ، بەڵام هەرواش پێشنیاری ئەوەی دەدەمێ ، كە ئەگەر بوو بە سەركۆماری وڵاتێك كە ناوی ( كوردستان ) نییە ، با بەجل و بەرگی كوردییەوە بچێت سوێند بخوا ، بۆ ئەوەی برا عارەبەكانمان پێشانی دنیای بدەن كە : وەك چۆن عەگالبەسەریی سەركۆماری پێشێ ، لە وڵاتێكی تەعریبكراودا حەساسیەتی نەتەوەیی دروستنەكرد ، ئاواش كوردیپۆشیی سەركۆماری نوێ، دنیای عارەبی هەراسان ناكات! .

www.hemnabdulla.blogspot.com